# ریسوایی بۆ پیلانگێڕیەکەی (15)ی شوبات

قادر عزیز

پانزه ساڵ لەمەوبەر (1999/2/15) ە نایروبی پایتەختی وڵاتی کینیا ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان (عبدالله ئۆجەلان) لە ڕێگەی پلانگێری و گەلەکۆمەکیەکی نێودەوڵەتی دەستگیرکرا و ڕادەستی وڵاتی تورکیا کرایەوە.

کردەی ڕفاندن و تۆقاندن و سوکایەتیپێکردن و دواجاریش ڕادەستکردنەوەی کەسێک بە وڵاتێک کە ژیانی بکەوێتە مەترسیەوە وەک لە پرۆسەی گرتن و ڕادەستکردنەوەکەدا بینرا ، تەواو پێچەوانەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و هەموو یاسا و ڕێسایەکە کە ئەو وڵاتانەی بەشدار لە پلانگێریەکە بانگەشەی بۆ دەکەن ، لەمەش زیاتر پرۆسەی دەستگیرکردن و ڕادەستکردنەوەکە بەم شێوە نامرۆڤانەی کە لە شاشەی (TV) یەکانەوە بینیمان دەچێتە خانەی تیرۆرەوە ، هەر ئەوکاتەش هەندێک لە ڕۆژنامەکانی دونیا ئەو هاوکارییە نێودەوڵەتیەیان بۆ دەستگیرکردنی (ئۆجەلان) بە لایەنە ئاسایشەکەی (ئەمنی) جیهانگیری ((عەولەمە)) ەقەڵەمدا ، دوای ئەنجامدانی پلانگێریەکەش وردە وردە ئاشکرابوو کە دەزگا هەواڵگریەکانی (ئەمریکا ، ئیسرائیل ، ڕوسیا ، کینیا ، بەریتانیا ، هەندێ وڵاتی ئەوروپا ، کۆمکاری عەرەبی ، یۆنان ، تاجیکستان ، تورکیا) ڕاستەوخۆ ڕۆڵیان ە پلانگێریەکەدا گێڕاوە ، دیارە ئامانجی سەرەکی لە دەستگیرکردنی (ئۆجەلان) ڕادەستکردنەوەی بە تورکیا شکستپێهێنانی ڕۆڵی کارای (ئۆجەلان) لە تورکیا و ناوچەکە و شۆڕشی گەلی کورد بوو لە باکوری کوردستاندا ، بە تایبەتی کە ئەوکاتە ڕۆڵی کەسایەتی ڕێبەر ئۆجەلان و پارتی کرێکارانی کوردستان و شۆڕشی باکور بەشێوەیەک گەورە و یگەر بوو ناوچەکەدا هەڕەشەی لەسەر بەرژەوەندی تورکیا و ئەو وڵاتانەدا دروستکردبوو ، ئەوەی کە تورکیا و ئەو ڵاتانەی هاندا بۆ ئەوی لە ڕێگەی دەستگیرکردن یا لەناوبردنی (ئۆجەلان) پارتی کرێکارانی کوردستان و شۆڕشی چەکداری گەلی کورد لە باکوری کوردستاندا لەناوبەرن ، ئەو ئەزموون و پێشینەیە بوو کە دەوڵەتی تورکیا لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لە ڕێگەیەکی لەم شێوە ، واتە لە ڕێگەی دەستگیرکردن و لە ناوبردنی سەرکردەی شۆڕشەکاندا شۆڕشەکانی وردیان لەناوبردبوو ، یا بێ کاریە ریان کردبوون ، پیلانگێری فیرقەکانی حەمیدیە لە (بەتلیس) دژ بە (مەلا سلیم) لە (1914) گرتن و لە سێدارەدانی ( ێخ سعیدی پیران) لە (1925) یلانگێری دژ بە شۆڕشی ئاگری (1930) و شۆڕشی درسیم (1937) و پیلانی تیرۆرکرن و کوشتنی هەردوو سەعیدەکە ( سعید ئاڵچی و سعید قرمزی توپراخ) و پیلانگێری تر وەک نموونە لەبەرچاون ، بەڵام دیارە جیاوازی قۆناغەکان و هۆشیاری نەتەوەیی گەلی کورد و مەیی پارتی کرێکارانی کوردستان و دواجاریش جۆری کەسایەتی و شێوازی سەرکردایەتیکردنی (ئۆجەلان) تەواو جیاوازبوون لەگەڵ ئەوانی پێشتر ، بۆیە تورکەکان بەو پیلانگێریەی ئەو جارەیان نەک هەر نەیانتوانی ئیرادە و خۆراگری گەلەکەمان بە گرتنی کەسایەتی ((ئۆجەلان)) تێک بشکێنن ، ەڵکو بە پێچەوانەوە ، ئیرادە و خۆراگری گەلی کوردمان و شۆڕشەکەی لە باکوری کوردستان و ئیرادەی پشت بەخۆ بەستن و تێگەیشتن لە گەمەی پیلانگێریەکە و گرتنەبەری ڕێبازی ئاشتی و ڕێگەچارەی دیموکراتیانە لە چارەسەرکردنی پرسەکە لە لایەن خودی (ئۆجەلان) وە پیلانەکەی نەک هەر پووچەڵ ، بەڵکو پێچەوانە کردوە ، دەرەنجامی ئەوەش ئەوەتا (ئۆجەلان) ، زیندانی ئیمراڵیەوە نەک هەر دەسپێشخەری بۆ ئاشتی ،

بەڵکو ئیدارەی پرۆسەکەش دەکات. بۆیە لێرەدا حکومەتی تورکیا (ئەردۆغان) داوای لێدەکرێت ، کە لە بەرامبەردا پرۆسەی ئاشتی دور لە گەمەی سیاسی و هەڵبژاردن و دور لە تاکتیکی سیاسی لە ململانێ لەگەڵ نەیارەکانیدا ، سەیر بکات و هەرچی زووە پرۆسەکە پیشبخات و لایەنێکی سەرەکی پرۆسەکەش کە بەرێز (ئۆجەلان)ە وەک نیاز پاکیەک ئازاد بکات ، چونکە ئاشتی و ئەوانەی ئاشتی بەرێوە دەبەن دەبێ ئازادبن نەک لە زیندان. (15) شوبات رۆژی غەدرێکی مێژووییە لە گەلی کورد و لە بەرێز (ئۆجەلان) ، ئامانجی لێی لە ناوبردنی پارتی کرێکارانی کوردستان و شۆرشی باکوری کوردستان بوو لە رێگەی کەسیەتی ئۆجەلانەوە ، هەروەک (15) شوبات تۆمارێکی رەشە لە مێژوویی ئەو هێزانەی کە بەشداریان لە پیلانگێریەکەدا کرد ، ئەو لایەنانەی کە زوو یا درەنگ دەبێ لەسەر ئەو پلانە قێزەونانەیاندا نەک هەر داوای لێبوردن لە گەلی کورد و سەرۆک (ئاپۆ) بکەن ، بەڵکو دەبێ لەسەر ئەم کارە نایاسایی و نامرۆڤانەیان رووبەرووی دادگا بکرێنەوە.

(15)شوبات و هەموو (15)ی شوباتەکانی پێشتر لێمان دەخوازی کە لە بەرامبەر پیلانگێری دوژمنەکانمان کە هێشتا درێژەی هەیە یەک ریز و یەکگرتووبین ، وەک ئاشکرایە ئیمرۆ دەرفەتێکی گەورە بۆ گەلی کورد لە ناوچەکەدا هاتوتە پێش ، ناوچەکەش دوای شۆرشەکانی بەهاری عەرەبی لەبەردەم گۆرانکاری سیاسی و جوگرافی گەورەیدا ، جا بۆ ئەوەی گەلی کورد لە دارشتنەوەی نەخشەی سیاسی و جوگرافی ناوچەکە وەک رابردوو پەراوێز نەخرێت ، بەڵکو رۆڵێکی دیاری لەو گۆرانکاریانەو لە دیاریکردنی مافی چارەنوسی خۆی هەبێت ، پێویستە لە پێش هەموو شتێکدا یەک ریز و یەکگرتووبێت ، پێویستە بە بەرنامەیەکی کاری نەتەوەیی هاوبەش و لە چوارچێوەی ستراتیژیەتێکی نەتەوەیی هاوبەشدا ، هەنگاوەکانی بەرەو رزگاری و سەربەخۆیی هەڵبگرێت.

-ئازادی بۆ (ئۆجەلان) و سەرجەم زیندانیانی سیاسی لە باکوری کوردستادا.

-ریسوایی بۆ پیلانگێرانی (15) شوبات .

15/2/2014